## نوێنەری حکومەتی هەرێم ، داوای لێبوردنێك لە حیزبی سەوزی سوید و خەلکی کوردستان قەرزارە !

**ریبوار عارف**

**لە بەرواری ١٦ / ٥ / ٢٠٠٢ دا هەفتەنامەی گولان لە ژمارە (٣٨٢) دیمانەیەکی لەگەل بەریز تەها بەرواری نوینەری حکومەتی هەریم (هەولیر) دا ریکخستووە لە پەیوەند بە بەشدار بوونیان لە کۆنگرەی حیزبی سەوزی سوید کەلە بەرواری ٩– ١٢ / ٥ / ٢٠٠٢ دا بەرپاکرا. بە پیوستمان زانی کە ڕوونکردنەوەیەك لەسەر ئەم دیمانەیە بدەین، چونکە وەك ئاگادارن ئێمە لە ژمارەکانی ڕابردوی هەفتەنامەی فیدراسیوندا ڕاگەیاندنێکمان لەبارەی بڕیاری پشتگیری کردنی کۆنگرەی سالانەی حیزبی سەوزەوە بلاوکردوە کە بەمەستی بەرپا کردنی ڕیفرواندمێك لە کوردستاندا ، لە کونگرەکەیاندا بڕیارنامەیەکی چەند مادەی یان بە دەنگ گەیاند.**

**بۆ ئەوەی کە راستەخۆ بچینە نیو دیمانەکەی بەریز تەها بەرواری‌یەوە پیویست دەگات چەند پەرەگرافێکی گرنگ لە قسەو باسەکانی بخەینە ڕوو بزانین چۆن باسەکانی کۆنگرە دەگێڕێتەوە. سەرەتا ئەوە بلیم کە من وەك خوێنەرێکی هەفتەنامەی گولان ، کاتیك کە هەنگاوم بە دوای دیمانەکەی بەڕێز تەها بەرواری‌دا هەلگرت، لە دواین مەنزلگادا توانیم پەیامی ئەم دیمانەیە لەدوو تەوەردا بخوینمەوە ، کە بریتی بوو لە دەربڕینی نیگەرانی یەکی گەورە لە هەلسوران وکارکردی ئەو جەمسەرەی کە بە کردەوە سەنگەری دیفاع کردنە لە پەنابەران وهەروەها گوڕین ودەستکاری کردنی پەیامی کونگرەی حیزبی سەوز بۆ پشتگیری کردن لە خەلکی ستەم دیدەی کوردستان. کە پێموایە ئەمە تەنها خوێندنەوەو بە دواچوونی من نەبێت بەڵکو زۆرێك لەو خوێنەرانەی کە بەتایبەت ئاگاداری ئەم دوو تەوەرەن هەمان تی گەشتن ولیکدانەوەیان بۆ ناوەرۆکی باسەکەی نوێنەری حکومەتی هەرێم هەبێت کە دەلێت: ((. . . . هەروەك دەزانن قسەو باسێکی زۆر هەیە کە پارتی ویەکیتی لەپشت ئەو بیرۆکەیەوە بوونە کەپەنابەران بگەڕێنەوە. ئەمەش بێگومان مەسەلەیەکە ناحەزانی حکومەتی کوردستان دەیانەوێت بیرووژێنن ، مەسەلەکەش لەلایەن چەند گروپێکی توندڕەوەوە ورووژێنراوەوباسکراوە. ئەمەشیان بۆ ئەوەیە کە تاکوە نتوانن لەسەر حیسابی پەنابەرەکان لایەنگروجەماوەر لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە. کەلەبنەرەتدا ئەو گروپانە لەپەراوێزدان)) . بەر لە هەرشتیك جیگەی خۆیەتی ئەو پرسیارە لە بەریز بەرواری بکەین وبلین :**

**ئایا بەڕاستی دیاریدەیەك هەیە کەبەبێ بوونی بەڵگەنامەو ڕادەیەك لەراستی، قسەوباسی زۆری لەسەربکرێت؟**

**وەلامی ئەم پرسیارە هەرچی‌یەك بێت، نوێنەری حکومەتی هەرێم ناتوانیت هیچ پاساوێك بهێنێتەوە بۆ شانخالی کردن لەبارەی ئەو راستی‌یەی کە لەزمانی خۆیەوە بەیان دەکریت ودەلیت قسەو باسیکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی کە پارتی ویەکیتی لەپشت سەر بیرۆکەی گەرانەوەی پەنابەرن بۆ کوردستان. بەلێ وەك چۆن لە نیو حکومەتەکانی ئەم وولاتانەدا بە پشتیوانی و هاوکاری راپورتەکانی ئیوە جێ کەوتووە کە کوردستانی عیراق ناوچەیەکی ئاسایشە ، بەهەمان شیوەش لە نیو پەنابەرانیشدا ئەوە جێ کەوتووە کە پارتی و یەکیتی لەپشت بیرۆکەی گەرانەوەی پەنابەرانن بۆ کوردستان پشتیوانەیەکی جێ خستنی ئەو راستی‌یەش ( (خۆتان واتەنی ئەو گرپە پەراویز و توند رەوانەن) ) کە بەڕێزتان ئاماژی پێ دەکەن. واتە فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی وحیزبی کومونستی کریکاری عیراق. بەلام جێگەی خۆی بوو کە بەر لەوەی کە بەریز تەها بەرواری باس لە پەراویز بوونی ئەم گروپانە بکات ، تاوتوی یەکی قسەکانی خۆی بکردایە تا دواتر ناچار نەبیت بەوەی کە هیچ روون کردنەوەیەك بدات لەسەر ئەوەی کە ئەگەر خوینەریك پرسیاری ئەوەی لی بکات و لیبپرسیت کە ئایا نوینەری بەریز ئەوە چونە لە کاتیکدا قسەو باسیکی زور هەیە لەسەر لەپشت سەر بوونی پارتی و یەکیتی بۆ**

www.kurdistannet.org
05/06/2002 23:05

گەرانەویەی پەنابەران ، ئەو گروپانە بە پەراویز و توند رەو لەقەلەم دەدەن ، ئاخر گروپیکی توند رەوەو پەرواز بۆ دەبیت هێندە بەریزتان نیگەران بکات ، کە بەشێکی دیمانەکەتان لە پەیوەند بەو گروپە پەرویزە تەرخان بکەیت ؟ !. یا لەراستیدا ئێوە کوشتەی نیو هەمانەکەن و لەو راستیـیە باش حالی بوون کە دەوروجێگەو ڕێگەی ئەم گروپە توند ڕەوە بەرادەیەك بەرچاوە کەپەرەسەندنی نفوزی سیاسی و عەمەلی ئەو گروپە لەنیو پەنابەراندا ئیوەی بە تەواوی نیگەران کردوە. ئەمە لەکاتیکدایە کە بەڕێزتان زۆرباش دەزانن کە ئەو گروپ ولایەنانە پیناسەی هەلسورانی خۆیان وەك بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی لەبەرامبەر بەباش وخراپی هیچ حیزبێکی سیاسی لەقەلەم نەداوە. بەلکو ئەوەی هەلویستگیری ورەوشتیسیاسی وعەمەلی خۆتانە وای کردوە کە لەناو پەنابەراندا هەست بە لاوازی بوونی خۆتان و پەرەسەندنی نفوزی" ناحەزانتان " بکەن. ئەوە نـیە ئێوە بۆ پاکانەی بوونی ئاسایش لە کوردستاندا چۆن بە شان و باهۆی هەلویستی وەزیری هیجرەی سویدو ڕاپورت و ڕونکردنەوەکانی خۆتان هەلدەدەن ، کە تەنها خالی چارەنووس سازی هەلپەساردن ونەدانی ماڤ پەنابەری هەمان بەرەسمیـیەت ناسینی بوونی ئاسایشە لە کوردستان. مەگەر ئێوە بۆ خۆتان بە دەر لە لێکدانەوە بیروکەی هیچ کەس ولایەنیك نالین ( (. . . لەسەر ئەو بنەرەتە لەلایەن پەرلەمانتارەوە پرسیاریك ئاراستەی وەزیری کۆچکرا، کەگوایە لە کوردستان چەوساندنەوەی رەگەزی بەرامبەر بە کلدانی وئاشوری‌یەکان جیبەجیٚ دەکریٚت. ئیٚمە لەوپیٚناوەدا هەولٚیکی زۆرمانداوە، ڕاپۆرتیٚکی دورودریٚژمان پیٚشەکەش بە وەزارەتی کۆچ و دەرەوەو پەرلەمانتارەکانیش کردووە ، هەموو ئەو تایبەتمەندی و دیموکراسیەتەی سەبارەت بە کەمە نەتەوەکان لە کوردستاندا هەیە لە بەرچاوگیراوە. بوون ونەبوونی چەوسانەوە لەسەر ئاشوری یەکان و کلدانی یەکان لە کوردستان دەکریت تەنها بەیەك حالٚەت لە بوون یا نەبوونی ماف وئازادیـیە سیاسیـیەکانی خەلکی کوردستان لەقەلٚەم بدریٚت، بەلام بەڕیٚزتان بەنرخی چاونووقان لەدەیان وسەدان بیٚماڤ وستەمی تر، جەخت لەسەردەستەبەر کردنی دیموکراسیـیەت دەکەن لەکوردستان. جیٚگەی خۆیەتی لەو بەڕیٚزە پرسیار بکەین و بلین ئایا لەم چەند سالٚەی ڕابردودا هەر لەو بەشەی ژیٚر دەستەلاتی ئیوەدا بنکەی چەند ڕیٚکخراوحیزبیسیاسیوپیشەیداخرا؟ چەندگۆڤارو رۆژنامەو بلاوکراوە بلاوکردنەوەیان قەدەغە کرا ؟ چەند هەزار ژن لەسەر سەرەتایترین ماف وئازادی‌یەکانی خۆیان تیرۆرکران وکوژران؟ چەند رۆشنبیرو ئەدیب وکەسایەتی سیاسی تیرۆرکرا ؟ مانگی چەند جار هێزە سەرکوتکەرەکانی حکومەتی تورکیا لەشکرکیٚشی دەکات و تا ئیستا چەند جار سوپاو هیزەکانی بەعسی فاشیست لە چەند کیلومەتری خەتی ٣٦دا ئاپورەیان کردوەو ژیان و گوزەرانیان لەوخەلکە تال کردوە ؟ ئایا لە مانگیٚکدا چەند جار سالٚون و کتیٚبخانەکان و شویٚنە گشتی یەکان دەتەقیٚنریٚتەوە ؟ ئایا ئیرهاب و تیرۆر کام ناوچەو لادی و شارو شاروچکە ماوە سەری پیٚدا نەکات وئارامی وئاسوودەی لە ژیانی خەلکی تالٚ نەکات ؟ ئایا تا ئیستە بلٚندگۆی کام مزگەوت ماوە کە فتوای تیرۆری کۆمۆنیستەکان و ئازادیخوازان و ژانان تیدا نەدریٚت ؟ ئایا بنکەی کام هیزی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی هەیە لە کوردستاندا کە لەلایەن حکومەتەکەی ئیوەوە پشتیگری لیٚنەکرا بیٚت ؟ کام ناوچەولادی سەرنوور هەیە لەم چەند سالەدا کە بەهۆی توپ بارانی حکومەتی تورکیاو شەڕی نیوان ئیٚوەو پیٚکەکەوە دەیان وسەدان کوشتەو برینداریان نەبیٚت و ئاوارە بووبن ؟

ئیٚوە باس لەتەبای نیٚوان پارتی ویەکیتی دەکەن، بەلام لە خۆتان ناپرسن کە ئایا پاش ٨٠ کۆبوونەوەی هاوبەش بەچیٚ گەشتن و کام بەندی سەرەکی ڕیٚکەوتنامەی واشنتون جیٚ بەجیٚ کرا ؟ ئیٚوە هەر سی مانگ جاریك لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیاری کردنەوەی بنکەی هەر دوولا دەردەکەن لە سلیمانی و هەولیردا ، بەلام هەر پاش چەند ڕۆژو هەفتەیەك ڕاگەیاندنیك لەپەیوەند بە هەلٚپەساردنی ڕیٚکەوتنامەکانی نیٚوان خۆتان دەردەکەن و کردنەوەی

بنکەکانتان دەسپرین بە قوناغیکی تری نادیار. ئەوە باس لە مەترسی گەرانەوەی بەعس ناکەین چونکە ئەمە بۆ ئێوە جێگەی مەترسی نی یە و لەو دەڤەرەی ئێوەدا ئەگەری گەرانەوەی بەعس بەبێ ڕەزامەندنی پارتی مەحالەو ترررسسسی ناوێت. ئێمە هەوڵماندا تەنها ئاماژە بە ناوچەکانی ژێر دەستەلاتی حکومەتی هەرێمی هەولیر بکەین ، چونکە واپێ دەچێت ناوچەکانی ژێر دەستەلاتی یەکیتی بەو ڕادەیە جێگەی سیتایش و پیاهەڵدان نەبێت یا لە پێشبرکێی نیوانتاندا ئاسایشی دەڤەرەکەی ئێوە زیاتر جیگەی پیا هەلدان بێت.

بەڕێزان دانەوەی گوزارشتی ئێوە بەم حکومەتانە یەکێك لەسەرەکی ترین هۆکارەکانی بێ بەشکردنی پەنابەرانە لە مافەکانی خۆیان ، چونکە ئێوە لە دانەوەی ئەو ڕاپۆرتانەدا بۆ هەوێنی ماستیش باس یەکیك لەم حالەتانە ناکەن و تەنانەت بۆ سەلماندنی قسەکانی خۆشتان باکتان نی یە لەوەی کەکۆپی پاسپۆرتەکانی ئەو پەنابەرانە بدەنەوە بەم حکومەتانەو هەر بەم دەلیلەش هەزاران پەنابەر لەم ولاتانەدا پاسپۆرتەکانیان لیّ وەردەگیریتەوە. لە لای ئیوە گرنگ ئەوەیە کە چۆن هیز کۆبکەنەوە بۆ سەلماندنی بوونی ئاسایش لە کوردستان، ئیتر ئەگەر کار بەوە دەگات کەئەم ناوچەیە بە" جەنەتل مەئوایەکی " کەم وێنە لەقەلەم بدەن و جارجار حکومەتەکەشتان بە ڕەمزی باشترین حکومەتی ناوچەکە لەقەلەم دەدەن ئەمەش هەر شەرعی یە. بریا رۆژیك لە رۆژان ئەو شانازیەشتان بە خۆتانەوە دەکرد کە بریاریکی وەك بریاری ( (یاسای ئەحزاب) ) کە لەم دوایانەدا پیداچوونەتەوە بخەنە سەرمیزبی ئەم ولاتانەو تا بە کرۆکی دیموکراسی بوونی ئیوە باشتر ئاشنا دەبوون لە ریگەی ئەو یاسایەی کە دەلیت ( (مەرجی پێکیهێنانی حیزبێکی سیاسی لە گرەوی بوونی ٥٠٠ ئەندامدایە) ) ئەو کاتە بەچاوی خۆتان کۆپی یاساکانتان لە مۆزەخانەکانی ئەم ولاتانەدا دەبینیەوە (کە روشنترینیان مەرجەکانی ماڤ دەنگدانی خەلکیە بە ئەندامانی پەرلەمان لە هولند لە سەدەی ١٩دەدا) .

با دیسانەوە بگەرینەوە لای نوینەری حکومەتی هەریم و بزانین چی دەلیت : خۆشبەختانە سویدییەکان دەلێن زۆر بە وردی و قولّی ئەم مەسەلەیان کوڵیوەتەوە و وەزیری کۆچ دەلیت : گەشتووینەتە ئەو باوەڕەی کە دەڤەرەکە ئارامە ، هەروا ئەو ئارامی یە ولاتانی ئەوروپا چ ئەوانەی لەناو یەکیتی ئەورووپادان چ ئەوانەی لە دەرەوەی یەکیتی یەکەدان هەمان تیروانینیان هەیە.) )

بە دلنیای ئەگەر نوینەری حکومەتی هەریم جۆرنالیستیکی پیشەی بوونایە لەسوید، بەتاوانی ئەوەی کە ڕاپورت و زانیاری هەڵەیان بلاوکردوەتەوە شکاتنامەی لەسەر تومار دەکرا ! چۆن تاوان نی یە کە قسەی وەزیریك بۆ ئاستی زیاتر لە ٨ ملیون کەس گشتی بکەیتەوەو بلێت سویدی یەکان ، ئەگەر ئەمەش نا ئەوا بەتاوانی ئەوەی بریاری حیزبێکی سیاسی دەگۆڕیت و بە هەڵە ڕادەگەیەنیت ، ئەمرۆ فایلی ئەم بەریزە لەبەردەم دادگای کردندا دەبوو. نوینەری حکومەت ماڤ خۆیەتی بلێت وەزیری هیجرە یان فلان پەرلەمانتاریست بەوە گەشتووە کە " دەڤەرەکە ئارامە " بەلام گشتی کردنەوەی ئەو قسەیە بەناوی سویدیەکانەوە باریکی قورس و گرانەو واپیناچیت بیرتان لەوە کردبیتەوە کەچۆن هەر بەو دەلیلە دەکەونە بەر شەپۆلی نارەزایەتی بەشیکی زۆر لە خەلکی سوید، یا لایەنی کەم دەکەونە بەردەم نارەزایەتی ئەو پینچ حیزبە سیاسی‌یەی کە بەئاشکرا نارەزایەتی خۆیان دژ بە هەلسەنگاندنەکانی وەزارەتی هیجرەی سوید لەپەیوەند بە بریاری گەرانەوەی پەنابەرانی کورددا دەربری کە یەکێکیان ئەو حیزبە سەوزەی سوید کە برپاری کۆنگرەکەشیان بە هەڵە بە خەلکی ڕادەگەیەنن !

تەها بەرواری داوای لیبوردنێك لە حیزبی سەوزی سوید خەلکی کوردستان قەرزارە.

پەروایز کردنی ناوەڕۆکی بڕیاری حیزبی سەوز کەبەرەسمی‌یەت ناسینی بەرپاکردنی ریفراندومیکە لە کوردستان ، بۆ دیاری کردنی مافی چارە نووس، یانی هەنگاو هەلیهینانەوە بۆ پێکهینانی حکومەتیکی



www.kurdistannet.org

سەربەخۆ لە کوردستاندا، کە هەر ڕۆژە حیزبە دەستەلاتدارەکان بەلینی راوەستانەوە دژ بە ( (مەترسی) ) وەها ڕوداوێك دەدەن وێردی سەرزمانیان یەك پارچەی خاکی عیراقە.

بۆیە لەمەش زیاتر نوینەری حکومەتی هەریم پێ بە جەرگی خۆیدا دەنیت و دەلیت ( (پارتی سەوزی سوید کار بکات بۆ پشگیری نیونەتەوەیی لە بریاری پەرلەمانی کوردستان لە پیناوی چونیەتی دیاری کردنی پەیوەندی لەگەل ناوەندی دەولەتی عیراق کە ئەویش بڕیاری فیدرالیزمە.) ) بەم شیوە نوینەری حکومەتی هەریم نەك هەر راستی یەکان ئاوەژو دەکاتەوە بەلکو حیزبی سەوزی سویدیش دەکاتە هاوکاروانی خۆیان بۆ بە ئاکام گەشتن لەگەل حکومەتی بەعسدا تا لەسایەی چوونە پیشەوەی ئەو پەیوەندی یانەدا فیدالیزمەکەیان لەسایەی رەحمەتی بەعسدا بیتە بەرو کۆتای بە کیشەی خەلکی کورد بیت بەهۆی بەزەی و سۆزی حکومەتی ئەنفالەوە. بەڕاستی ئاستی هونەری فریوکاری نوێنەری حکومەتی هەرێم بالایەو دەزانیت چۆن بریاری بەرپا کردنی ریفرندومیك لەکورستان، کەم رەنگ بکاتەوەو لەگریژنەی بریت. ئەمە لەکاتێکدایە کە پشتیری کردنی پارتی سەوز بۆ چارەسەر کردنی کێشەی میللی خەلکی کورد بە ڕۆشنترین شێوە بریتی‌یە لە ( (بەرپاکردنی ریفراندومیك لە کوردستان. . .) ) ئایا بەڕاستی جێ گۆرکێ پێ کردنی ئەم بڕیارە بە ئارەزووی جیهەتگیریەکانی پارتی وەك چۆن ناهەقی و ستەمێکە لەبەرامبەر حیزبی سەوزدا بەهەمان شێوەش سووکایەتی‌یەك وفریودانیکی خەلکی کوردستانیش نی‌یە؟ بەراستی خستەڕووی ئەوبریارە بەوشیوە رووقایمی یەکی کەم وێنەیە !

ئیمە لەوە تێ دەگەین کە نوێنەری پارتی وحیزبە قەومی‌یەکانی کوردستان پیان بارگرانی‌یەو بەلایانەوە کارێکی قورسە کە بەخەلکی کوردستانی ڕابگەیەنن کەحیزبێکی سیاسی لە گۆشەیەکی تری ئەم جیهانەو تەنها بەحوکمی ئاشنا بوونیکی سەرەتاییان بەستەمی میللی لەسەر خەلکی کورد، عادلانە ترین ڕێگەی ممکین لەمرۆدا بە بەرپاکردنی ریفراندومێکی ئازادانە دەزانن.

بەکردەوە جێگەی سەرسووڕمان وتیا ڕامانە کەئاخۆ شێواندنی بڕیاری حیزبێکی‌سیاسی ترو تەرجمەکردنەوەی بەپێ‌ی جیهەتگیری وئارەزووکانی حیزبەکەی خۆت، دەبیت لەبازنەی کام پرانسیپی سیاسی دا پیناسە بکریت ؟. لەهەرحالدا وەها کردەوەیەك چ لەنیو خەلکی کورداوچ لەلایەن حیزب ڕێکخراوەکانی ئەم ولاتانەدا جێگەی بەخشین نی‌یە بەبێ داوای لێبوردن کردن.

<u>دوا ووتە :</u> نزیك بەدوانزە ساڵە کوردستانی عیراق بووتە مەڵبەندی خۆنمایش کردنی حیزبە میلیشیاکان وهیزە نواندنی حکومەتەکانی ناوچە، دوانزە سالە کوردستانی عیراق ئوردگایەکی ئاوارەی‌یەو لە نەخشەی جغرافیای جیهاندا سڕاوەتەوەو سەرگەردانی‌یەکی سیاسی باڵی بەسەردا کێشاوە. دوانزە سالە خەلکی ئەم ناوچەیە لەگەل هەموو ستەم نابەرابەری و نائەمنی‌یەکدا ڕووبەروون و بەحەسرەتی ژیانیکی ئارام وشایستە بە ئینسانن، هەموو ئەمانە لەکاتیکدایە کە گەورەترین فرسەتێکی میژووی لەبار پیکهاتووە بۆخەلکی ئەم ناوچە کە چارنووسی خۆیانی تیدا دیاری بکەن وبۆ هەمیشە کۆتای بهینن بەستەمی میللی.

ڕۆشنە کە کۆتای پیهینانی ئەم ستەمە لە دووحال بەدەر نی‌یە، کە یەکەم، بە بوونی ڕژیمکی مودیرن وپێشکەوتوی وا کە لەسەر بنچینەی میللی ودینی پیناسە نەکرابیت وهاولاتیانی بەچاویکی یەکسان تەماشا بکرین وماف وئەرکی بەرامبەریان هەبیت.

ئەمرۆ لە غیابی وەها هەلومەرجیکدا حالەتی دووەم واتە بەرپاکردنی ریفراندومیکی ئازادو جیابوونەوەی کوردستانی عیراق و پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆیە لەم ناوچەیەدا. کەئیستە لەبارترین هەولومەرجی بانگەواز کردنی ئەم ریفراندومە رەخساوەو بریاری پشتگیری‌کردنی‌حیزبی‌سەوزی‌سویدیش هەنگاوێکی‌ڕوو لەپێشی

عەمەلی کردنەوەی ئەم تەرحە بوو لەئاستی نیونەتەوەیدا. لەم حالە بەردە مانەوەی خەلکی کوردستان لە چوارچیوەی حکومەتیکی فیدرالیدا کە خواست و ئارەزووی حیزبە قەومی‌یەکانە هیچ مانایەکی نی یە جگە لە لە پلە دوو هێشتنەوەی خەلکی کوردو مانەوەو دریژە پیدانی ستەمی میللی نەبیت لە کوردستاندا. بۆیە بە بروای ئیمە کۆتای پێهێنانی ئاوارە بوونی دەیان وسەدان هەزاری خەلکی کوردیش تەنهاو تەنها لە گرەوی ریگە حەلیکی سیاسی وعەمەلی کردنەوەی یەکێك لەو دوو حالەتەدایە، بەدەر لەکارکردن بۆ ئەم دوو حالە ئیتر هەول وتەقەلای هەر حیزب ولایەنێکیش بۆچارەسەرکردنی کیشەی میللی خەلکی کوردو ڕێگە چارەی کۆتای پیهینان بەئاوارە بوونی ملیونی ئەو خەلکە، هیچ مانایەکی نی‌یە جیاوازە بەکارهینانی کارتی پەنابەری بۆ سەرمایە گوزاری کردن وبەهرەبەرداری کردن نەبیت لە بەرئەنجامەکانی. وە لە ئیستەدا بەگەرخستنی کارتی پەنابەری بۆ بەهرەبەرداری وهیز کۆکردنەوەیە بۆ داسەپاندنی پرۆژەی حکومەتی فیدراڵی و بەدەستهینانی سەرمایەیەك بۆ جی پی قایم کردنی خۆیان لە بارو دۆخی ئەمرۆی کوردستاندا.

www.kurdistannet.org